# کلکی کتکی پرسیاره

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# کلکی کتکی پرسیارە

کورتە هۆنراوە

عەباس عەبدوڵڵا یوسف

ئەم کورتە هۆنراوانە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوکراونەتەوە. مێژووی نووسینیان لە ساڵی ١٩٧٨وە تا ساڵی ٢٠٠٧.

ناوی کتێب: کلکی کتکی پرسیارە – کورتە هۆنراوە
شیعری: عەباس عەبدوڵڵا یوسف
هێڵکێشی وێنەکان: هونەرمەند قەرەنی جەمیل.
وێنەی بەرگ: هونەرمەند Alan Daniel. لە کتێبی In Praise of Cats وەرگیراوە، چاپی لەندەن ١٩٧٥.
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٥٧
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە : هاوتا هیوا
بەرگ: مەریەم موتەقییان
پیت لێدان: دیار عەبدولکەریم
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٢٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ.

(........)

بەر باران، کەچە قەمەرەیەك وەستاوە

حەفتا و حەفت سولاوکەی بەسەر دادەڕژێ

لە خۆشیان بویتە ماسی و

بەناو حەفتا و حەفت ڕووباردا

سەما و مەلە دەکات

١٩٧٨/١/١٧

## ١ - پەنجەرە

لە پەنجەرەکەوە (با)م بۆ دێ، بای فێنك
لە پەنجەرەکەوە (بەفر)م بۆ دێ. بەفری کوێستان
لە پەنجەرەکەوە (کوللە)م بۆ نایێ
لە پەنجەرەکەوە (بۆنسۆ)م بۆ نایێ
کە لە پسدانی تاریکییا بووم
ئەستێرەیەکم لێ هەڵات

## ٢ - پێی مناڵ

پێی ساوای یەکمانگی
خواوەند ئافراندوویێتی
پیس نییە
ڕەقەکار نییە و
بەسەر خاکی پڕ تاوانیش هەڵنەگەڕاوە
زەری بە دیاری
بەقەد گلێنەی چاوی مامزان
پێڵاوێکی سووری بۆ دەچنن

### ٣- گیا گێزەرە

دوور لە ئاگرباریین... زۆر دوور
دوور لە قڕان... زۆر دوور
دوور لە زیندان... زۆر دوور
حەز دەکەم گیاگێزەرە بم
ئەویش وەك نەژمێرەی گیارۆکان
دەیەوێ خاك ڕەنگین بکات

### ٤- خۆبزوێن

تا سکم بەخۆم نەسووتێ
جووتە کۆترێك، بۆم دەفڕن
درەختێکی جووت لق، گەڵام بۆ دەدا
خۆبزوێنی (ئاڵ)یش
خوێستان، ئاوەدان دەکات

***

وتی: خۆم خۆتی
وتی: خۆم خۆیتی
وتی: خۆم خۆتانم
وتی: خۆم خۆمانم
وتی: خۆم خۆیانم
شاعیرێکی سۆفی بوو
دەسۆڕا و پتر بەوانی دیکەوە دەیجۆشاند
نووسیاری فەرمانگەی سەرژمێری
وتی: خۆت خۆتی و بەس
یەك تاکە ڕەگەزنامەت بۆ دەردێنین!

***

بە قۆندەرە لە زەوی درا
من نەبووم، پێڵاوی من بوو
کەچی زەوی منی بەو و جەستەوە
تێ هەڵدا خەرەندێکەوە

***

مار و مێروو
لەشی مردووی بنخۆڵ دەخۆن
بەزێدە شەیداییش ڕۆحەکەی

***

سەرکە بتێکی بەردە

سەرکۆتە و ئی سەردەمی بەر لە زایین بوو

منیش

بە شەیێکی پلاستیکیی هەرزان و ڕەنگ زەق

بە پێی مۆدیلی تازە

قژی دادێنم و فیتە و گۆرانیی بۆ دەچڕم

***

بە وێنە خۆشم ویست

وێنەی ئەو ئافرەتە، منی خۆش دەوێ

وێنەکە ڕێم پێ دەدا، دەرگەکەی بکەمەوە

لێی بچمە ژوورەوە

حەقم بەخۆی نییە

من باسی وێنە دەکەم

***

لە ئەزەلەوە خانوێکی قوڕ

لە ڕۆخ دەریایە

شەپۆلە شێتەکانی

بە پاژنەی ئەخیلی خانووەکە ناکەون

***

ئەمە چ ماکیاجێکە؟!

برۆی پێ جۆش داوە

لە جیاتی ئەوەی بیکا بە مانگیلە

کردوویە بە خەباتەی چیمەنتۆ

***

مۆسیقایە

بەهەمان جۆش و خرۆشی ئاسمان

دەمنباتەوە نێو

قووڵاییی چاڵەکان

***

هەوەڵجار کلیۆپاترام وەك جگەرەیێك ناسی

هەزاران کتێب بخوێنمەوە

هەزاران مۆزەخانە ببینم

لە خەونا هاونوێنیشم بکات

کلیۆپاترا هەر جغارەیە و چیدی نا

لە مارکەی ئەوەوە

پشتاو پشت پازدرا

ناو لە ژنە نرا و

پێی بووە فەرمانرەوای میسر

***

ئەو شووشە خۆشترین بۆنی دنیایە
بۆگەنی بوو.. خراپ گەنی بوو
پرسیار بکەم بۆ یا عەیبە؟!

***

چ گەمژەڵە هەنگ!
هەنگوین
بۆ مرۆڤ دروست دەکات

***

ئەم هەتا هەتایە
چ بەختەوەرە!
نە پێویستی بەکاتژمێرە و
نە قەڵەمی مێژوو نووسی
بەرتیلخۆر


***

کە چووینە نێو جەنگەڵەوە
چیمان کرد؟
ئەوەی دەعبای دڕندە دەیکات
کردمان...

***

– ئەو مریشکە
لە چێشتخانەدا بە سوورکراوی
خواردمان
مریشکێکی بەخاوەن بوو
خواردمان و ئەوەندە
یادگارەمان بۆ تۆمار کرد:
– مریشکی ئاشەوان بوو

***



بەلەمێکی سەوڵداری بچووک
ئوقیانۆس دەبڕێ
بۆ نابڕێ؟
کە من خەیاڵ بکەم
دەبڕێ و زیاتریش

***

سروشت ڕووتە

لە بەهاریش...

***

چەهچەهاندی و فڕی

هۆنراوەیەکی لەسەر نووسی

چ بەستەزمانە شاعیری

ڕۆمانسی!

لە سایکۆلۆژیای بولبول ناگات

***

بە حوبر
ئاواتەکانی خۆم نووسی و
بە بزمار لەسەر ئۆقیانۆس
چەسپم کردن

***

ئافەرینم لێ کرد،
تێر چەپڵەم بۆ لێ دا
شادی کردم
هەست و نەستی، ئی ڕووەکانە
هەست و نەستی، ئی ئاژەڵانە
ئافەرینم لێ کرد،
تێر چەپڵەم بۆ لێ دا
هەست و نەستی
مرۆڤانە بوو

***

چاوم کراوەیە

چم بینی؟!

– هیچ

چاوم قەپات کرد

چم بینی؟!

– هیچ

لە تێڕامان و بینینی ناوەوەش

– هیچ؟!

چاوم خستە خەونەوە

چم بینی؟!

– هەر هیچ!!

***

لە نشکاو بە بڕکەنۆکێك


ساتمەم کرد و

هەر حەوت ئەفسانەم لێ فڕین

جا بێ ئەفسانە مامەوە

واتە مردم

***



گۆچانەکەم شکا
کلاشەکەم درِا
دەفتەرەکەم لێك هەڵزرِا
شەکەت بووم
هەندی لە جێیان
لە وڵاتان – لە هەرێمان
بگەرِێم
کەسیش تێی نەگەیاندم
یۆتۆپیا لە ئاسمانە
لەسەر زەوی نییە!

***

لەناو نۆتەکدا

بە چاو قوچاوی بڕۆم

سەلامەتم

بەچاو کراوەییش

مێشم لێ دەبێتە گامێش

سەت ساتمەش دەکەم

***

نامەوێ خەونی پەمبە ببینم

بە چاویلکەیەکی ڕەش ڕەش دەخەوم

***

بە پەنجەکانم قژم دادێنم

شەم بۆ چییە؟!


قژ بە پەنجە دادێ

با پێی خۆشە بمشوا

ئاو و سابوونم بۆ چییە؟!

لەش بە با دەشۆردرێ

***



چۆلەکە دێن
تێر لە شینایی دەخۆن و
بەسەر داوەڵدا هەڵدەنیشن
بێ ترس دەجریوێنن و
جیقنەشی پێدا دەکەن

***

جێگەیێ نەماوە
تەنیاییی خۆتی لێ بنوێنی
مایەوە
بەنهێنی، هەتا هەتایە
بچیە نێو خڕگەڵەوە

***

خەڵك شتە

ڕووەك شتە

گیاندار شتە

وەك بەردو ئاسن و ئاو

نا

خەڵك لەوانە شتترن

***

مردن کۆمپانیایەکی گەورەیە

نەخۆشیەکانیش فەرمانبەرن

شێرپەنجە: بەڕێوەبەری گشتییە

شەکرە: ڕاوێژکارە

دڵوەستە: بەرپرسی بەرهەمهێنانە

مێشکوەستە: بەرپرسی دابەشکردنە

تێکڕای خەڵکیش کڕیارە!

***

– با– بێ لە دەرگە دان
بێ ئاگادار کردنەوەییێکی پێشوەختە
دێتە ژوورەوە و خۆی دەکا بە میوان
چ زۆردارێکە
بێ ماڵئاواییش دەچێتە دەرەوە!

***

بە چاوێك تەماشا دەکەم
بە چاوەکەی دی، دەبیسم

***

کەرێك دەحەپێ
بە حەپینەکەی
گوڵی دەمەشێر دەپشکوێ

***

مار

مامۆستای هەرچی مانیکانە

***

باپیر، کوڕی نەوەی خۆیەتی

***

قەوم و قیلەی ئاو زۆرن

دەرمان...

شەربەت...

ماستاو...

مەی...

بەس فرمێسك نا

***

هتد... ڕاناوەستیٚ

هۆپ... پەرژینی باخێکت شکاند

هۆپ... بەنداوێکت تەقاند

هۆپ... پێت لە منداڵێك نا

هۆپ... شەمەندەفەرێکت وەرگەڕاند

ئەو (هتد...)ە، قەد ڕاناوەستێت

***

ئاوازی ژێتار

داو داوە

دنك دنکە

یا... کلۆت کلۆتە؟!

***



باڵندەیەکی ڕەنگین

بە خەیاڵی شەراب

دەنووك لە قلە هەنجیرێك دەكوتێ

***

بێناو لە ئی بەناو زێترن
بەرەکەت دا...!

***

گورگێك بانگم دەکات
هەڵمەیە... برا!

***

دابنێ هەموو شتێ دەگریێ!
تەنەکەی ژەنگاوی
بە چ دەنگ و ئاوازێك؟!

***

لەشم
لە بارۆمەتر هەستناکترە
سەرباری گەرما و سەرما
سۆزپێوە

***

شەیتانیش

بە ڕوحمە

دەس لە مردوو هەڵدەگرێت

کورد وا دەڵێت

***

بەندۆڵ... بەندۆڵ... بەندۆڵە

ئەوها، هەتا هەتایە

بەندۆڵ بەیەك نزم گۆرانی دەڵێ و

قەت بێزار نابێ

***

جام دژی چارچێوەیە

شووشە شەیدای خۆیەتی

بە ڕووتی... ڕاستەقینەیە

بەند و کۆتێکی شارستانی بۆ ساز مەکەن

***

پەپووسلێمانکە بوو
دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە
دەنگەکەی هات و
سەر سنگمی
بە کوتینی جووتە دڵێك نەخشاند

***

دوایین بازاڕی دنیا
بازاڕی ڕۆحە
بە گۆترەیە
بێ تەرازووشە...

***



حەفتا حەیرانم بە قەڵای هەولێردا هەڵگۆت
هەزاریش
بە هەرەمی خۆفۆ هەڵدەڵێم

***

هێڵی ستوونی
بارانمان پێ دەبەخشێ
هێڵی ئاسۆییش
ڕێی هات و نەهات

***

دەیهاوێتە نێو چوارچێوەیەك و

پێی دەڵێ: سەربەخۆی...

چۆن ڕەفتار دەکەی بکە

ئازادی...

***

چ جۆرە پەیکەرێکە پەتاتە!

هاوشکڵی سەرکانە

دەسچینی درگەنشینانی دوور لە شارانە

لەسەر خوانی ڕازاوەی شارستانیەت

داو داو، کووز کووز

قاش قاش یان کەلا کەلا

ئەندازەیی دادیدەتاشن

لەوا زیاتر

پەتاتە ئامادەیە ببێتە

خانوویەك، پەیتوونێك

یا پاڵتۆییێکی زستانی

***

بەخەبەر دێم و یەکسەر دەقیژێنم
کوا دوپشکی لاستیق
ئەوەی لە خەونا پێ ترسام
ئەوجا پێشکەشم کرابوو؟!
ئی ناو خەونم پێ ڕاستە
لە خەونێکی پار نا پێراردا
گەزۆیەکم خوارد
حەزم لێ بێ پلاکی دەمم پێ بکەم و
تامەکەی هەر ئێستا بڕژێتە نێو زارمەوە

***

لە یادی یەکەم دڕك
بە منداڵی لە پێم ڕاچوو بوو
وەك لێبوردەیەك
منی زەڵام لێی خۆش بووم
لە کەسیش دیار نییە
خوا... لێی دەبووری یا نابووری

***

چاو جووتە

هەریەك بەكەیفی خۆی ڕاو دەكات

چەپ حەزی لە یووسفە

ڕاست، نایحوببێنێ

هەردووك هاوئامانجیش بن

كەپوو لەو بەینەدا

تێكیان بەر دەدات

لە بۆ خۆی شێربەشێك دەخوازێت

مێشكیش بەسەزمانە

خۆی بە شازان دادەنێت

ئەوجا چاوێك پرسی پێ ناكات

لووتیش چڵمی پێدا دەكات

***

لە تەوقی سەرم هات و
لە بنی پێم چووە دەرێ
لە موچڕك خراتر بوو!
تیشکێکی زێدەزەق
لە بنی پێم هات و
لە تەوقی سەرم ڕۆی
لە تەزوو خراتر بوو!
دەنگێکی زێدە تیژ

***



بڕۆی نەڕۆی

ڕێگا هەر هەیە

بانگت دەکات

پێشان بانگی

باب و باپیرانتی کردووە

ناچاری بڕۆی

ئەی لەو جێیەی کە

نووسراوە:

تێپەڕبوون قەدەغەیە

یان

ڕێگا دەرناچێت.

چ بکەم؟

هەر مل بنێیت

هەر بڕۆی

ئەمە پەیامی ڕێگایە

***

باران با هەبێ
دڵۆپە نا
بێ ویژدان
بەو سەرمایە
لێفی لێ تەڕ کردم
تووشی لەرزە و
پەسیوی کردم
کتێبمی پێکوەنووساند
لێی تووڕەم
بەس شتێکی باشی
لەگەڵ کردم
بە هەوەسی خۆی
حوبری دەفتەری
شیعرەکانمی
لێك شێواند و
نوودەقی پێ بەخشیم

***

ئەو سووتمانەی
ئاو دایگرساند
بەئاو نامرێتەوە
خۆی بە ئاگر زوو
دەکوژێتەوە

***

بێتام
ژمارەی سێزدەم
لە شیعرا بەکارهێنا
بۆ کۆتا گرتم و
لەسەر سندان دامنا
تا سێزدە جار بیکوتم
دوا کوت
ئەنگوستم کەوتە بەر
چەکوچ
ئاوسا، چ زوو خوێنی
تێ زا!
مۆرە، شینە، ڕەشە،
بۆرە، قاوەیییە؟!
لە سێزدەدا
خوێن ڕەنگ
سووریی خۆی ون
دەکات

***

فرمێسك بوو

نەیهێشت

چاوە جوانەكانی

نوقمی ماكیاژ بن

فرمێسك بوو

نەیهێشت

بەرچاوەكانی تەنگ بن

سوپاس.. فرمێسك

تۆ حەز لە چاوی خۆت

دەكەیت؟!

***

وا تێ نەگەی لە ئاگرەوە بوو

مۆمە.. مۆم

ئاگر عەردانییە

تەنیا ڕووناکییەکەی مۆم

نەرم نەرم، هێدی هێدی

تێر فێرە میتافیزیکت دەکات

***

کە دەبوو دەگریان
هاتە ناو دونیای پڕ ئێش و ئازار
کە دەمرد پێ دەکەنین
هەتا هەتایە چووە ناو فیردەوسەوە
ئەمەم لە کۆنە کتێبان هەڵکراند
لەمەودووا
کە دەبێ، مەرگ زڕتی بۆ دەکێشێت
کە دەمری، مەرگ زڕتی بۆ دەکێشێت
لەمەودووا
ئەو کە دەبێ، ئەو کە دەمرێ
گوێی لە زڕتەکە نییە!

***

پێت وایە
ئاسمان صافە؟
پێت وایە
ئاسمان ئازادە؟!
خەشیمی.. مەگەر
بارانی چڵکن و فڕۆکەی جەنگیت
نەبینیوە!

***

ڕۆژ لە خۆرئاواوە هەڵات
مام ڕێوی لە هەمان کونی جارانی
دەرهات
کە لە ڕۆژهەڵات ئاوابوو
کەس نەیزانی ڕێوی چووە کام کونەوە

***

ئۆف ف ف

ئاخیر زەمانە!

پارە پێوانەیە

لە ساتێکی ناچاری بە نیمچە وەستانێکی سیپەلاك

هەناسەدان، دەڵێتە وەرگرتن

نۆرە بڕیت لێ کردم، قەرداری

چما لێرەش، قەرز و قەرزداری هەیە!

ئەی ی ی؟!

پارە.. سەرەتای زەمانە!


***

لە من و لە تۆ زیاتر
خاڵخاڵۆکە
ڕۆمانی سوور و ڕەشی
ستاندالی خوێندۆتەوە و
زیاتریش
بە هەواداری، خۆی پێ ڕەنگپۆش کردووە

***

فۆتۆی ناکەم
کورسییەکەی بەتاڵە
خراپ کەوتۆتە نێو شوێنەوە
لە هەر لا بێ، وێنەیەکی ئاسام دەداتێ
شکاو... ساغ، نەگرنگە
تاریك... ڕۆن، نەگرنگە
گران... هەرزان، نەگرنگە
نەرمە جووڵەیەکی پێ دەوێ
تا بڕسکێ، بئافرێ، بخەملێ
ئەوجا.. فۆتۆگرافی دەکەم

***



دەرگای خەون ناکەمەوە

دێوو درنج

لێم دێنە ژوورەوە

بە چەند چرکەیەك جەهەندەم دەبینم

خەون، بێ حەزی خۆم

سواری کەر و عارەبانە

یان پاسکلم دەکات و

بە دەسکە گوڵی وردی دەو ڕووباران

دەمباتە ناو خەونی کچێکەوە

لە ئانی دەسدانی دەستی

چنەکات... دەبێتە دێو و درنج و

دەستێکم دەخوات

***

ئەوانەی ناو لە منداڵیان دەنێن
گورگ–سەگ–مار–مەیموون–ڕێوی
چەند ڕاستگۆن
مرۆڤ گورگە
مرۆڤ سەگە
مرۆڤ مارە
مرۆڤ مەیموونە
مرۆڤ لەوانە خراپترە
حاشاکی ئەو بەڕێزانە

***

کلکی کتکی
نیشانەی پرسیار دەرەسمێنێ
کلکی سەگیش وا دەکات
فەلسەفە، یەکێك لەو دووانە
بە پرسیاری خۆی دادەنێت
کلکی سمۆرە لە بیر دەکات
کلکی مشکی، زوو بەتەڵەوە دەبێت
کلکی گورگ بەترسە
کلکی ڕێویشی پێ خاپینۆکە
ئەوجا مرۆڤی بێ کلك
بەردەوام دەپرسێ
بەڕاست، کامە کلك، ڕێك فەلسەفەیە؟

***

بێ مۆسیقا
گۆرانی بۆخۆی دەڵێ
جەماوەریش نەبێ
گۆرانی خۆی هەر دەڵێ
فیتە و چەپڵەش نەبێ
ئەو، بێباك هەر گۆرانی دەچڕێ
تەنیا خۆی، گوێ لە دەنگی خۆی دەگرێ

***

نێوچەوان، ئاخ نێوچەوان
سەبوورەی تەمبەڵانی!

***

لە ئاسمانرا
بەختت سپی نەبێ و
پەرەشووتت نەکرێتەوە
لە ئاسمانەوە
بکەویە سەر شارێکی قەوغاوی فرەنۆم
یان دکتاتۆرێك
لەسەر چیاییێك، فرێت بداتە خەرەندەوە
هەرکە کەوتی، درووود بخوێنە
ئەڵڵا ورمان لەجێ نەرمان
ئەڵڵا ورمان لەجێ نەرمان
ئەڵڵا ورمان لەجێ نەرمان

**حەوت زەخرەفە**

١

پەیژەیێك هەڵدەپەسێرم

پەسیرە لێ دەکەمەوە

هەڵدەپەسێرم پەیژە و

حەپینی مانگ ڕادەگرم

لە بۆ کۆنە کتێبێکی یەکووشە

پەیژەم بەسەر ڕەفکەوە

هەڵپەسارد

نووسرابوو: هەڵمەپسێرە

بە هەڵپەساردنی پەیژە

٢

فیل و بەرمیل

پیل و ییل

بەرمیل و فیل

٣

خوێن و خوێ

خوێ و خوێن

گەردوونیان دابەش کردووە

خوێ: گیانی بێ گیانانە

خوێن: گیانی بە گیانانە

خوا مافی بوونی هەردووك دەدا

خوێن و خوێ

خوێ و خوێن

٤

ویبق how؟

ویبق when؟

ویبق where؟

ویبق why؟

ویبق what؟

٥

دیس... هەمدیس

هەمدیس... دیس

دووبارە و سێبارە و چەندبارە و تا دواجارە

ئەو بارە بارەیە بۆ دۆمینە باشە!

٦

جۆلانەی بەتاڵ دەهەژێتەوە

مرۆڤ دەڵێ من نیم

با دەڵێ من نیم

ئەجندە دەڵێ من نیم

گیاندار دەڵێ من نیم

ڕووەك دەڵێ من نیم

زەوی دەڵێ من نیم


موگناتیز دەڵێ من نیم

کارەبا دەڵێ من نیم

شەو دەڵێ من نیم

جۆلانەی بەتاڵیش،

لەخۆڕا، توندتر دەهەژێتەوە



٧

سیرم خوارد، زوڕنام لێدا
دەوروبەرم پڕ قاز بوو
سیرم خوارد، فلووتم ژەنی
دەوروبەرم پڕ عەلەلیش بوو
سیرم خوارد، دووزەلەم لێدا
دەوروبەرم پڕ مریشك بوو
سیرم خوارد، نەیم فووكرد
دەوروبەرم پڕ كەڵەشێر بوو
پیوازم خوارد، میلۆدێكام ژەند
خێرا گشت ئەوانەم لێ ڕەوینەوە

***

داخەکەم

کامیراش ناتوانێ تاریکی بگرێ

***

ئافەرین

ڕێی هات و نەهات

بەردەوام بە

***

نەمانپرسی ئەو زیندەوەرە

خاوەن ماڵە یان کرێچییە؟!

***

شەوە و لەوبەری زێ

تروسکەیەك دیارە

من لێرە خۆمی پێ گەرم دەکەمەوە

***

کە نەمریی

گۆڕانکاریت بۆ چییە!؟

***

بە نیگای ئیستاتیکای شێوەکاری

لە نەخشە رادەمام

تەقەی قاپی هات

بە پۆلەتیقە ڕوانیمە نەخشە و

بە دەنگێکی نەرم و بڵند وتم

– کێی؟... دەفەرموو...

***

شاد.. شاد

مێژووی مێوژم خوێندەوە..

مێوژی مێژووم

تێدا نەدۆزینەوە

ئاخ.. ئاخ

***

هەرمێم دەخوارد و

سەیری وێنەی هەرەمم دەکرد

نیشانەی پرسیار دەبوونە نیشانەی سوڕمان

بچمە سەردانیان

سوڕمانەکەم دەبێتەوە پرسیار

***

ئای خەیام

تۆ سێیینت هۆناندووە

بۆ ناوت ناون

چوارین؟!

***

گێڕ بگۆڕە

بەچەشنی گوڵەبەڕۆژە

هەتاویش لەبیرنەکەیت

***

چاو ساغم

وەك کوێران دەڕوانمە شتان

بە تەماش نیم، واز لە کۆراتی بێنم

***



دوودڵم لەو کچە جوان و ڕوح سووکە

ئەشقی ئێسقانی بم؟!

ئەشقی گۆشتی بم؟!

***

دیوار هەیە
بندیوارپش

***

ق،
پیتی شوفێرانە

***

فسکەفسک
مێدیایە

***

من

هەم میمم

هەمیش نوون

***

کاژمێر......... سیزیفە

***

نق هەبوو... جق هەبوو

فقیش لەبیر کرا

***

ئەژندەیە... پڕ ئەجندەیە

***

لە کافتریا، شیر هات وتی:

چ دەخۆی مەی یان قاوە؟

***

خوێنتاڵە

لە تاریکیدا وا نییە

***

بەردە بڕۆم...

بەرد بتاشم

***

چ+ا+ت= بنهەنگل

***

هـات و بـازنـەی بیلبیلـەی

لێ کردە سێگۆشە

***

ئای بابە!

بە باوێشکەوە خۆشە

***

چ گێلە قامووس... خوایە!

لووت و کەپووی پێ هاوواتایە

***

مێروولە هەزار هەندی مرۆڤ

شەکرخۆرە و لەشساغە

***

ڕاستە مێشك...

ڕاستەی خۆی دەشكێنێ؟

***

سروشت كۆرەیە

مرۆڤ كوێرترە

***

دەبا بێ و

زەمەن خانەنشین بكات

***

لە ناوەندی نۆینێکی ئاسنی هەزار مەتریدا
دەقیژێنێ: هەیداد... دەرەتان
پۆلیسی هاوار، گوێی لێ دەبێ و
لە جێوە بۆی ناجوڵێ
لەمسەر دەنگ دەداتەوە:
هەی داد نا... دەرەتان نا
پۆلیسی نەژدە، گوێی لێ دەبێ و
لە جێوە بۆی نابزوێ
ئی ئەوسەر خۆی تێکەڵی ئەمسەر دەکات
دەنگێکە، بەچ ئەلفوبێیەك نابێتە نووسین
بەچ گوێیەکیش، ڕەوان نایێتە بیستن


***

لە ماتماتیکەوە دیموکراسی
بە ماتماتیکیش
گەل و گاڕان لێك هاوێر دەبن

***

ئەسپی ڕووت بەغار و داڵغەوە
بەسەر دەریادا ڕەت دەبێ
بەناو ئاگردا تێپەڕ دەبێ
بیابان شەقبڕ دەکات
لەوسەر دارستان بە حیلەوە دەردەچێ
زەمانی تیر و شیر و رمب و سوارچاکی بەسەرچوو
زین و لغاو، بەندایەتی بوو
ئەسپ بەو رێکلامەی جگەرە، قایلە و شادومانە
ئەویش لە سەردەمی تەکنەلۆژیا پەکی ناکەوێت
هەسپ بەجغارەوە،
جغارە بەهەسپەوە،
بە جووتە سواری مەرەقمان دەبن

***



لاوینە... نێرینە

وریا بن!

یەکێ ئازا و بالاٚ نەبێ لە سەما

با نەچێتە نێو سەماکەوە

خۆی قەشمەر نەکات

ئافرەت نەشزانێ

هەر سەماکارە

هەر چۆنێك ببزوێ

صاف سەمایە

***

بیۆگرافیای خۆم

نووسیوە و

لە شەرمی خوێنەران

باسی سەردەمی

ئەسپێونیی خۆم نەکرد

***

کلیل... شت لە بیر دەکات؟

– ئا، بە کولی و ژەنگی و سووان

کلیل... پیر دەبێ؟

– ئا، بە کولی و ژەنگی و سووان

کلیل... دەمرێ؟

– ئا

درم و پەتای مرۆڤ بگرێت، ئا

***

... مردن...

یەکت لێ سەندم

دووت لێ سەندم

سێت لێ سەندم

چوزانم زۆر کەست لێ سەندم

منت هێشتەوە

ژمێریاریت بۆ بکەم؟!

خۆت بکەی بە میوانێکی ڕەزا قورسەی

هۆنراوەکانم؟!

یا... دادپەروەریت وایە؟!

***

وریا بە...

کامیرە یە...

کامیرە بەترسە

مایکرۆفۆن بەترسە

***

ئامێرێك، بە تەنیشت سەرکتەوە

پلاکی پێوەتەوە نراوە

بەسەر شاشەکەیدا

خەونەکانت تۆمار دەکات

***

لە ونگەدا
قاقایەك بکە
سەد سەدای لێ بژمێرە
بۆت دەبێتە یۆتۆبیا

***

ئەمە چ دۆزەخێکە
هەر هێڵی ڕاست هەیە
چەماوە هەیە
ئەمانە زوو
دەبنە شیشی بەندیخانە
درەنگیش لە کاتی بەرهەڵدان
بەندیخانە بەهێڵەوە
دەبێتە شێتخانە

***

دەڵێن لە کونی کیلۆنی دەرگەوە
سەیرێك بکەیت
ئافرەتێکی ڕووت دەبینی
سەیرەم بەخۆ دێت
منی هەناو سووتاو
تا ئێستا ئەوەم تاقی نەکردۆتەوە

***

دیواری بێ سێبەر
چ کاتێکە؟!

***

گوندانییە

بەس عەرد و عاسمان

دەناسێت

***

کیمیابارانە

ڕووەك نووزا، نۆزینگی دا

***

کرمیش حەز لە سێو دەکا

لە ڕکی ئەو، من زیاتر

***

لەبەر ئاوێنەدا رووتم
شەرمم لێ دەکات
بەجلپۆشی نیشانم دەدات

***

فیزیك
تا ڕاستیەك دەچەسپێنێ
هەزار درۆ دەکات

***

کۆرەی مەعەڕڕە

دەستم دەگرێ و

بە کۆرە ڕێیان دەمباتە ناو بەهەشت

***

هەموو نەخشەکانی جیهان

نا ئەندازەیین

***

پەنجەیەکم لەناو پەنجەوانەدا

ون کرد

سەریش هیچ

ئەوا بۆ خۆی ونە

***

(شە)ش

پێش لەتۆ حەژ لە ئاوێنە دەکات

***

قفڵ و کلیل نێر و مێن

ژەنگ، لێ ناگەڕێ جووت بن

***

هەروا بووە و هەروا دەبێ

لە ئێراق دەوەشێتەوە

***

شێر،

بە چەهرەیانەوە دیارە

تێکڕا پیرن

***

لەم جووتە چاوە

دەبوو یەك بۆ تاریکی بێ

ئەوی تر بۆ ڕوناهی

***

فۆلکلۆر گۆرانی بەسەر

سستەر هەڵگوتووە

مایەوە.. سکرتێرە

***

٩٩٩٩٩٩٩٩٩ خەونم دیت
نەمزانی، ڕەشوسپین یا ڕەنگاوڕەنگین
دڵنیام ئەمجارەی بێتەوە
بە سووری خوێن ڕەنگدارە
ناویشی مۆتەکەیە

***

چ نەفامێك بوو،
لەناو پێنج هەستەدا مرۆڤی بەند کرد

***



لە لۆقنتەدا

پاچەم دەخوارد

سەرکی مەڕەکە باعاندی

من نەبووم، ئەوەی پاچەی دەخوارد

***

گڵۆپم کوژاندەوە

لە تاریکییا، سوپاسی بۆرخیسم کرد

کارەبایان لێ بڕاندم

وەك بەشار بن بورد

نەعلەتی دونیام کرد


***

خەونەکانی مرۆڤ
لە جن و جانەوەر دزراون

***

کوڕە دەڵێ:
بەرەبەیان، ترەتڕی لۆرییان
هەڵم بستێنێ، شارە
گمەگمی کۆتران بێ، گوندە

***



دەستڕێژێکیان لێ کرد

دەسبەجێ مرد

٣ کۆتری سەر درەخت

ئەوانیش کوژران

سەگێکی بەڕەڵڵا، ئەویش

***

سەرەو ژێر
شەمشەمەکوێرە
جیهانبینیی خۆی دەکات

***

نێرگز
شەیدای جوانیی خۆیەتی و
بۆ جارێکیش بێ
نابێتە نەرسیس

***

لەناو چەلۆ

چێڵێك دەبۆڕێنێ

ژەنیاریش بە بەلاش لە ژێ دەدا

***

دەنگم بەناو هەوادا بڕوا

هەباسێکم

بەناو ئاودا بڕوا

جووتەهەباس

بەناو ئاگردا

فرە هەباس

***

تا ٧٧٧٧٧٧٧ ساڵی تر

ئایندەمان هەر ڕابردووە

***

ئەم چیرۆکە بە سەرەتایە، بە کۆتایە

ناوەندەکەشی بزرە

***

چ بۆن خۆشێکە!

نیگام صاف دەکات

چ ڕەنگێگە!

توند لووتم دەگرێت

## تۆبۆگرافیا

١

فەرماندەیەکی جەنگ نەبووم

لە زمان شازان نیم

نە خۆشنووس

نە ئەندازیاریشم

تا بتوانم

خاڵی ژوور پیت و خاڵی ژێر پیت

ڕێك و جوان دابنێم

٢

لە ژێر دەریاوە

سەیری دونیای وشکایەتی دەکات

٣

لەبیرم چوو

بەچ مەبەستێك بەسەر پەیژە کەوتم

نەگرنگە، پەیژە مەبەستێك هەر دەدات

٤

شار بێ مشك نابێ

گوند بێ کەر نابێ

٥

زەمین بە تۆپی خڕ مەزانە

دونیات لێ تەسك دەبێت

٦

لە پێش دەرگای داخراوا

بێ کلیلم

فیزیکم لێ بۆتە میتافیزیك

٧

کە چوومە ژێر ڕەشماڵەوە
بە یەکجارەکی، شارم تەڵاق دا و
بە یەکجارەکی، بووم بە ڕەوەند

٨

نووسینی چینی خانوومە
بە شادی لێی نشین دەبم
پەنجەرە دەکەمەوە
سەیری دیمەنی جوانیی سروشت دەکەم
نووسینی چینی خانوومە
بە پەیژە دەچمە سەربان
بۆ دیدەنیی ئەستێران
نووسینی چینی ماڵمە

## فشقییات

**١**

ئەگەر مەرگ هات
توند دەیگرم، لێ ناگەڕێم خۆ دەرباز بکات
بە بزمارێکی درشتی کۆنکریت
لەسەر دیواری بەرد قایمی دەکەم
وا دەکەم ڕەوە مەیموونێکی قوونسۆر
بێن و پێی پێکەنن
عزرایلیش لە سوێیان
لەجێوە بمرێ

٢

ئـامێر، خزمـی مرۆڤن

ئۆتۆمبیل بـاوکێتی

تەلەفزیۆن دایکێتی

سـاردك برایتی

شۆرك ژنێتی

بـەستك خوشکێتی

ئـامێر خۆ لەنـاو خۆ، خزمـی خراپن

کـارەبـا بـە شۆتێك گشتیـان دەترێنێ

بـە تـامپۆنێك، ترومبێلیـان وێران دەبێت

٣

چەنگە فستقێکم دا پێی

لەبـاتی، قۆپچەیەکی دامێ

ڕەوایە؟!

٤

خۆم کوێر

بەسواری کەرە دێزەیەکی کوێر

دەچمە ناو فردەوسی شیعرەوە

٥

ژن حەوازادەیە

پیاو بەدنمەکە

بە ئادەم ناچێت

٦

ببێ یان نەبێ

زۆر بەسەر زاری قومارچییان دادێ

٧

چوار پێیەکان

هەڵسانەوە، بوونە جووتپێ


مرۆڤیش

خۆی کردە یەك پێ

***

بە پەڕی ڕۆژنامە
تەنیی شووشەی لامپام
خاوێن کردەوە

***



لە ژوورێکا
یەکێك باوشکی دەهات
دوازدە کەس بەدوایا وایان کرد
بۆقێکیش، بە هەموویان پێ دەکەنێ

***

سێگۆشەت نەخشاند
سێگۆشەیەکی دوو پەل یەکسان
ماویە
مەیموونێك خۆتێدا بهەژێنێ و
گاڵتە بەگەمژەییی مرۆڤ بکات

***

قەشمەر... کەی گوتوومە
گەشبینم، پەرداخ نیوەی پڕ ئاوە
قەشمەر... کەی گوتوومە
ڕەشبینم، نیوەی پەرداخ بەتاڵە
هەی قەشمەر... کوا پەرداخ؟

***

دیگا... دیگا

ئەم ئافرەتانەت

میز دەکەن یا سەما؟!

***

مرۆ... لە ناوخۆ

تانکیی گوو هەڵدەگرێ و

گۆرانی بۆ گوڵزار دەڵێ

***

کە بەتەنیشت ماژەکەوە بەترس و غار ڕەت بوو

گورگ لووراندی بەخوا من نیم


مرۆڤ خۆی مرۆڤخۆرە

گورگ لووراندی بەخوا من نیم

سەیری دروشمی مرۆڤ کەن

کەللە سەرێك و دوو ئێسقان

***



ئافرەت...

لە مار فێرە لەش ڕێکی دەبێ و

لە دووپشکەوە، گیرەی قژ

دروست دەکات

***

بە زڕت

پێشوازیم لە سەدەی ٢١ کرد

***

ستوونا و ستوون

گۆرانییەکەم ڕاگرت

لەتم کرد

وشەکانیم تێی هەڵدا گووخانەوە

مۆسیقایەکەش...

ئازاد و ڕەها دەفڕێ و هەڵدەنیشێ

***

بە پەلەمیزە دەنووسێت

ئەی میز...

کە باس لە قۆناغ و جۆری نووسین دەکرێ

ئەی میزی تەمیز

تۆ لە بیر دەکرێی!

***

باسی مردن مەکە

باس لە (هەیە و نییە) بکە

***

چاکترین کاری بەر ڕەشەبا

خۆت ناسنامەکەی خۆت بدڕێنی و

جلەکانت یەك یەك داکەنی

***

هەر جارێ

بە تیشکی زەقەوە بڵێی:

– بژی مرۆڤ

بە یەکجارەکی ڕەگەزی ئاژەڵێك لەناو دەچێ

هەر جارێ

بە دەنگی زەقەوە بقیژێنی:

– بژی مرۆڤ

بە یەکجارەکی ڕەگەزی ڕووەکێك لەناو دەچێ

***

شینی بۆرخیسی

بە وەستاترین

خمگەر و بۆیەناس

ناگیرێتەوە

***

منێمە... ئاخ منێمە

بە تیژترین

تیغەی نۆژداری کارامەش

دوو لەت ناکرێیت

منێمە... دەرد منێمە!

***

شەیتان

زیندووە و خۆی لەناو مۆرەکاو

مات کردووە

تەڵەی بۆ قەڵەم داناوە

***

بە مناڵی

ئەوەندە گەمەی ڕێونەی سەر کاغەز کرد

هەوکە فڕەی دەنە

نێو ونگەوە

بە گاڵتە لێی دەرباز دەبێت

***

زانست بۆ نوستووی؟

ماتماتیك بۆ باز دەدەیت؟

نێوان ١٢و١٣

نێوان ١٣و١٤

دوو ژمارەی ون هەیە

***

ئەسپ لە کێ؟!

ئەسپێ لە کێ؟!

ئەی بۆ بە پێتان خزمن؟!

***

شێر پاشایە و

خەڵکی شاستانی خۆی دەخوات

***

دیارە هیچ
لە سیما و خیمیا
نەگەیشتم
بۆیە وا ئاشکرام

***

لەو جێیەی
ئاسمان و خاك ئاوێتە دەبن
دیناسوورێك دەقاقێنێ:
یەکەم بڕاوە من بووم
مرۆڤیش دوا بڕاوەیە

***

بە قاچاخەڕێ
لە دۆزەخەوە چوومە بەهەشت
کەسیش لێی نەپێچامەوە

***

چوومە بانق
زیندە خەونەکانم
بە خەونی بەڕاست گۆڕییەوە
داخۆ، چەندم قازانجە، چەندم زەرەرە؟!

***

ئای ئای!!!
چما لێدانی دڵ
ئۆتۆماتیکییە؟

***



لە گەرمەی تێکچڕژانی شیر و تیر
جەنگاوەری حەپەساو
دەیڕوانییە
نەخشی سەر قەڵغانی دوژمن
جەنگاوەری حەپەساو
زوو، بە ئاسانی کوژراو
چاوی ئەبڵەقی لە نەخشان بوو
دوا وتەی..
چ دەسڕەنگینە هونەرمەندی قەڵغان!

***

مۆنالیزا... لەوێیە
لەسەر ڕوومەت
بەلای لێوی چەپەوە
خاڵێكی بۆ دەنەخشێنم
وا ئەمن لێرە، مۆنالیزاش لێرەیە

***

لەناو دەروونی چینییان
شوورەیەك هەیە
بەنەخشی گوڵ و درەخت و تەیرو توار و پەپوولە ڕازاوە
لە دەر دەروونیشدا
شوورە بە ئەژدەری بەڕاست پارێزراوە

***

تێکڕای ئەلفوبێیەکان
نێوچەوانێکیان پێ ناخوێندرێتەوە
هەزاران شازانی وەك شامپلیۆنیش بێ

***

کراس
کە بزوا... کە خێرا جووڵا
لە مێلەش خۆشترە

***

بە ساتمەیەکی شەمەندەفەر

فریشتە لە شانەوە

کەوتنە نێو ناوکەوە

لەناو ڕێبواران، نێرێك پرسی:

– ئەی بەتاسەی لۆرییەك

دەکەونە کوێوە؟!

***

کاغەز...

دوا ڕەگەزی گەردوونە و

لە هەر چوار توخمەکەش

ترسناکترە

خۆراکە هەرە خۆشەی مشکانە

بەتایبەت

کە مافی مرۆڤی تێدا نووسرابێ

***

ئەرخەمیدس
بەسەزمانە یا شازانە؟!
فۆلکلۆرییانە چووە نێو ئاوەوە
فیزیکییانە پەلی دەهاویشت
ڕووت و قووت، بەغار هاتە دەرەوە
بە سایکۆلۆژیا دەیقیژاند:
دۆزیمەوە... دۆزیمەوە!
کۆنە دراوێکی ژەنگاویشی لە مست بوو!

***

نوێخوازەکە...
نەکەی توخنی چاو بکەوی
چاو بابەتی تایبەتی
شاعیرە کلاسیکییەکانە

***

بۆنی شیزۆفیرینیا هات

لە خەیاریدا

توێکڵەی تاڵاند و

لەشەکەی شیرین هێشتەوە

***

کێهەیان ئی بەڕاستییە

تا بیخۆمەوە...

ئاو یان $H_2O$؟

***

زەمین ئی کەروێشکان بوو

مرۆڤ هات و لێی زەوت کردن

***

لە ئانی
مرۆڤ بەدوای ئەهریمەن دەگەڕێ
یان ئەهریمەن بەدوای مرۆڤ دەگەڕێ؟
قۆپچەیەکی کراسە نووەکەم لێ پچڕا

***

هرمس کێیە؟
بە پرسیارە بێ وەڵامەکەی خۆت
هرمست ناسی

***

کەس لە کەس

سێبەری سەر ئاوم دەدوێنم:

کەس لە کەس

***

دیوارێکی بڵند و بۆرە، دوور و درێژیشە

دووبارەبوونەوەی لە بیرکەرەوە،

جوانە؟

دیوارێکی بڵند و بۆرە، دوور و درێژیشە

درێژدادڕییەکەی لەبیر کەرەوە،

جوانە؟

دیوارێکی بڵند و بۆرە، دوور و درێژیشە

بیر لە بێزاریەکانت مەکەرەوە

جوانە؟

بە ئاگایی داڵغەیەك و بە نوستوویی خەونێك

جوان و ڕەنگینە، زۆریش لەبارە ئەم دیوارە

***

ئەلفوبێش

لە ژمارەوە فێر بووە

بەرەو ناکۆتایی بڕوا

***

پەح.. پەح

چ خنج و قنج و ئەندازیارە ئاو!

پەکوو.. پەکوو

چ ئاژاوەگێڕ و بەدڕەوشتە ئاو

حەکوو.. حەکوو

چ نەندازە، چ گەمژ و نەزانە ئاو

***

شاعیر یەکێن دەنووسێت

شاعیر دووێن دەنووسێت

شاعیر سێیێن دەنووسێت

شاعیر چوارێن دەنووسێت

شاعیر پێنجێن دەنووسێت

هەنگیش هەم هۆنەرە و هەم پەیکەرتاشە

هەمیش وەستایەکی دەسڕەنگینە و

دەقی شەشێن دەئافرێنێ

***

هەر من نیم

جیهانبینیم هەیە

ئەی دەستم؟

ئەی لاقم؟

ئەدی گورچیلەم؟

بۆقیش جیهانبینییەکی هەیە

پلاستیکیش.

دەرمانیش.

بورکانیش

(هتد)یش... ئەوا هەر خۆی جیهانە و جیهانبینییە

***

وا تێ مەگەن

مردن بەردەستە یا بەکرێگیراوە

مردن ئافریدەکاری خۆیشی دەکوژێ

ئەویش خۆی.

***

ناو شانەیەکی لەش

بەچی دەچی؟!

بنووس...

بنی بنی بنی بنی بنی بنی

ناخی قووڵترین ئۆقیانووس

***

کویك

چ ماندووە، خوایە!

وەك کرێکارێکی قوڕکاری

بەر زەبرەی قامچی سەرکارەیە

بەس بڵێ

کویك باوی تاڵی پێ خۆشە یا ئی شیرین؟

***

ڕەنگی با ئاوییە

ئەدی ڕەنگی ئاو چییە؟!

مەڵێ باییە!

***

کەروێشك هەمیشە پێ دەکەنێ

ماسیش هەمیشە دەگرێ

***

بەریدە با درۆزن درو بکات

بەس ماڵی نەسووتێ

بشسووتێ

تەنیا پشیلەی لێ قوتار بکرێت

***

جامیجەم، ئەوەندە زۆر و زەوەند و هەرزانە
گەدا و ڕەشۆکیش هەیانە
جامیجەمێك ناخناس بێ.. ئەوا دەگمەنە
شاهنشاش نییەتی!

***

سەیری کاژمێرم کرد
تا چاوم مڕ بوو
هەر بە گڕناگەش تەماشام دەکرد
خۆم بوومە وردە بورغوو، بوومە شلکە سپرینگ
بوومە. تك. تك. تك و
بە زەبری قامچی کات غارم دا
سات لە من خێراتر
لەو پێشبڕکێیەدا، ساتمەم کرد
هەڵەنگوتم و لە نائومێدیەوە
دانم پیا نا: من و کات
قەت وەك یەك هاوڕێ نابین

***

مەرگ هەستی کرد
شەووڕۆژ تاقیباتی دەکەم
ئەویش شەو و ڕۆژ تاقیباتم دەکات
لە ساتێك
لە نیمچە ساتێك دەگەڕێ
خافڵ بم، هەڵمەتم بۆ بەرێ
ئەو ساتەش
پاسەوانێکی زۆر بەئاگام
نامەردانە
لە ساتێکی خەوتنم دەگەڕێ
خەوتنێکی قووڵ و شیرین و پڕخەونی خۆش خۆش
ئەوسا مەرگ بە حەسادەت خۆی مەست و ئەڤیندارە
منیش باکم نییە بێ نێ

***

مرۆڤێکی قاتلەبەر، بۆینباخ لەمل
بە ئاستەم دەستی لە ڕووەك دا
ئاوڕی لێ دایەوە:
مافبازینە هەر ماف مافتانە
تاکەی
هەر دەسدرێژ و جاڕسن!

***

گریا، پارەیان تەواو نەدایێ
بچێتە سینەما
پیرەمێردێکی دەموچاو ڕێویانی بۆی گوت:
خەونان ببینە، بەشەو ڕەنگاوڕەنگیان بکە.
بەڕۆژ خۆیان ڕەنگاوڕەنگن، خەون سینەمای هەژارانە
ئیدی خۆی و خەون پێك فێر ببوون

***

لە خوا دەپاڕێمەوە
لاوێتیم بۆ نەگەڕێنێتەوە
بمباتەوە منداڵێتی بەسمە.
ئیدی وەك ئەزموونداریك
لێ ناگەڕێم گەورەبم!

***

میداس دەس بداتە هەرشتێ
دەلیحەس دەیکا بە تەنەکە
بارانیش
بە ژەنگان بۆی بۆیە دەکا

***

دەرگە، کەمانی تارمایە
کە سەربەخۆ بکرێتەوە
تۆش تەنیا لە ماڵەوە بی
بەبۆنی سیر و سابوون مۆسیقای سیڕەسیرێ
پێشکەش دەکا و تۆش لە خۆشترسی خۆت دا
سەرت مووزیك دەبێ

## فۆلکلۆر و مۆلکلۆر

١

بەسەر کێڵگەی مێشکدا

سەدە هێسترێك ڕۆیشتم

پەشیمان بووم

سەدە کەرێك بووایە

٢

بسکان لووس مەکە

کچێ لێ گەڕێ...

لوول بن، لوولم دەن

٣

جووت مەمکەکەت

یەك بۆ دەسبازییە

ئەوی دیکەشت

بۆ شیری ساواکەت

٤

لەش... هێ... لەش

بەخەنە ماژەدارت دەکەم

بەئاوی قەرەفلیش دەترشێنم

٥

نەترسام
لە دیداری دێوی بەسام
مەمكی چەپی بەسەر شانی ڕاست و
مەمكی ڕاستی بەسەر شانی چەپەوە
نەترسام
لەو (×)ی ڕادەمام
پیتە یان نیشانەی لێكدانە؟

٦

حەیرانبێژ

بەداڵغەی پڕ چێژ

لاسایی زەرینی کەر دەکات

بەرەوتی ولاغانیش

دەنگەکەی

هەوار بەهەوار، هاوار دەکات

٧

ئای شیلمشاق!

ئیتۆمۆلۆژیا

دەتباتە سەر زمانی

کام وڵاتێکی ئەفریقیا

شیلمشاق... گیان شیلمشاق!

رووەکناس

دەتباتە سەر زەویی کام وڵاتێکی ئەمریکای لاتین

٨

نەخشی سەر سەرینم

کۆتری دەم بەنامەیە

دەیکەمەوە،

بەچنینی داوە دەزیی ڕەنگاوڕەنگ

هۆنراوەیەکی دڵداریی لەناو نوسراوە

٩

وەزیر... بەد وەزیر

گزیر... خۆش گزیر

١٠

کراسی بەرت ماریمارە

چاوان تێر چێژ دەکات

دەستەکانیش... هیچ

پەرداخ، پەرداخی ماریمارە

نە کەس تێر مەی دەکا، نە تێر ئاو

پێڵاوی لە پێی ماریمارە

(ئۆی چەند جوان)ێکی

بێ (ماشەڵڵا)ی بۆ گۆت.


ساتمەی پێ کرد..!

کراسی هەڵدرایەوە و

دەستەکان زوو فریای کەوتن

تێر چێژ بوون و

(هیچ)یان لەبیر کرد



١١

دەبا نەختێك بگرییێ

ساوا، مگێزی خواردنی

دەکرێتەوە

دەبا پیچەك بگرێ

ئامێری مۆزیقای وەلانێ

گوێ لەو ئاوازە بگرێ

***

بە سواری جەنجەڕێکی باڵتە تیژەوە
پڕ هۆش بەناو بنهۆشی خۆمدا شۆڕ دەبمەوە
لە تێمانێکی فوول حەپەسان
پاش دەردانی ئارەقەیەکی ڕەش و شین
پارچە پلێتێك دێتە پێش، بە فسفۆڕی زاقی نوسراوە:
لە بنهۆشدا، مەبەست و ئەنقەست قەدەغەیە

***



مەرگ هات و کەری ئاشەوانی گەڕەکمانی کوشت

مەرگ هات و کەناریی دراوسێمانی کوشت

مەرگ هات و کالپتۆسی ڕۆخ شەقاممانی کوشت

مەرگ هات و ئەنگوستیلەی خزممانی کوشت

مەرگ هات و ماسی ناو ڕووبارمانی کوشت

مەرگ هات و (خوا نەخواستە) منی کوشت

مردن کە دێ ...

بە مگێزی خۆی و بە یاسایەکی فیزیك دێ

***

کەس ناگەڕێتەوە

ختە لە پشیلە بکەیت، هەر دێتە پێش

چغە لە سەگ بکەیت، هەر هەنگاوت بۆ داوێت

کشە لە مریشك بکەیت، هەر ناگەڕێتەوە

هۆش لە کەر بکەیت، ئەویش وەك ئەوان

سوودی نییە

هەموویان لە قوتابخانەی هیگل خوێندوویانە

بەرەو پێش، هەر بەرەو پێش... دروشمیانە

***

بە سلفێك
مۆنۆلۆگی ترومبێل دەس پێ دەکات
لە ڕۆیشتنا دەبێتە دیالۆگ
زمانی گۆشت و زمانی ئاسن بۆ یەکتر دەدوێن
بە وەرگەڕان یان لێکدان
دەبێتە زمانی یەکگرتووی ئەجندان

***

پێم وایە فریشتە مێن
ڕۆژنامە ناخوێنن و
نێریش حەمباڵیانە

***

پیرە لۆرییەکەت پەکی کەوت

بە نیگایەکی کۆمیدیا

لە تراژیدیای مەکینەکەت بڕوانە

گڕڕ... گڕڕڕ... بە غار دەڕوا

***

تاکسەمای خۆی تەواو کرد و ڕۆیی

لە بۆشاییدا

بە شوێن جەستەی

ئەو خانمە دەگەڕێین

بەسەما، چەندی هەڵکۆڵیوە

بەسەما، چی نەخشاندووە

لەو سەمایەی

چی بۆ زەوقی ئێمە هێشتووە؟!

***

گەڵای دارمۆز کراسێتی

لاولاوە نەخشەی ڕەفتەیەتی

بەو مەرجەی...

گۆرانی بەسەر گوڵناری دار هەنارێکدا هەڵبڵێ

تەنیا و لەو دیو پەرژین بێت

بەو مەرجەی

نێرێك چاوی لێ بێ و بڵێ

من لە بۆ مێ شەیدام

کە مێ نەبێ، من چی بکەم؟!

***

چاوی ژێر پیاڵە
پیرەژنێکی سلێمانی وای وت
کچێکی تولاز
لە دڵەوە بۆی سرپاند
– نەپیاڵەی چایە، پیاڵەی مەیە

***

چی لەناو مەمکەکانیدا
دەشێرتەوە؟
با نەیکەین بە پرسیاری مەتەڵ
جیزدانی پارە.

# فەرهەنگۆك

* خرگەلە: قەڵەباڵغ
* خاپینۆك: فێڵباز
* فرە نۆم: فرە نهۆم، تەلاری هەرە بەرز
* شاستا: مەملەکەت
* خەرەند: هاویة
* ییل: خۆم مانای نازانم و هەوڵیش نادەم بیدۆزمەوە، لێرە لە بۆ زەغرەفەدارکردنی هۆنراوەکە بەکارهاتووە.
* وییق: دەنگە.
* عەلەلیش: عەلەشیش، قەلەموون.
* کۆرەی مەعەڕە: مەبەست شاعیری ناودار (ابو العلاء المعري)
* حەژ: حەز
* لۆقنتە: چێشتخانەی بچووك
* هەباس: مەبەست عەباسی شاعیرە
* تۆبۆگرافیا: تۆبۆگرافی Topography، زەویناسی.
* دیگا: (١٨٣٤–١٩١٧) نیگارکێشێکی فەڕەنسییە
* مۆرکاو: مۆرەکەب، حبر
* منێمە: من +ئێمە
* ماژە: ئاماژە
* تەمیز: زۆر پاك
* شامپلیۆن: جان فرانسوا (١٧٩٠–١٨٣٢) ڕۆژهەڵاتناسێکی فەڕەنسییە، تەلیسمی نووسینی کۆنی میسری کردەوە.

* مێلەش: جەستەی مێ.

*هرمس (هەندەجار هرمز): خواوەندێکی یۆنانییە.

* ئەرخەمیدس: زانایەکی جیهانی یۆنانە، لە ساڵی ٢٨٧ پێش زایین لە سکیلیا لەدایك بووە، خاوەن یاسای (تەنی ناو ئاو و ئاوی لادراو)ە.

* ڕەنگامە: کۆڕەنگ

* جامیجەم: جامێکی ئەفسانەییە، جیهانی تێدا دەبیندرێت، جەمشیدی شای ئێران ئەو جامەی هەبوو

* بنووس: بنووسە

* نەندازە: ناڕێکە

* کویك: باڵندەیەکە، دارکونکەرە، دارسمە، پیتی (ك)ی کویك بە (چ)ی قەڵەو دەخوێندرێ.

* میداس: لە ئەفسانەی یۆنانیدا، دەست بگەینێتە هەر شتێك دەیکا بەزێڕ.

* دەلیحەس: هەر ئەو کات، دەمودەست

* هاوڕۆ: یەکسان لە ڕۆیشتن

* تارما : تارمایی.

* مووزیك: داوە مووی قیت.

* سەدە: پێوانەیەکی جوتیارانە زەوی پێ دیار دەکرێت، بەتایبەت ئی کێڵدراو.

* ماژەدار: ئاماژەدار

* شیلمشاق: جۆرە ڕووەکێکە بەهاران لەبن زورگان و دەشتی بەیار شین دەبێ، گوڵێکی سپیواژ دەدات، سەرکەکەشی (واتا ڕەگەکەی) دەخورێ.

* ئیتۆمۆلۆژیا: نەژاد و مێژووی وشە

* ماریمار: کچە پاڵەوانەکەی زنجیرەی تەلەفزیۆنی (ماریمار)ە کە پێش چەند ساڵێك خەڵك و بەتایبەت خێزان بەپەرۆشەوە سەیریان دەکرد، ئەوجا لە بازارەکانی هەولێر ببووە ناونیشانی قوماش و هەندە کەرستەی تری هاوبابەت.

* مۆزیقا: مۆسیقا، میوزیك

* فوول: پڕ

* زاقی: زەق و هەرە دیار

* بنهۆش: ژێر هۆش